د. زاهیر سوران

## دژە ڤایرۆسی Tamiflu سوودی نییە یان سنوردارە !

ماوەیەکە لە میدیاکانی کوردستاندا بە شێوەیەکی نازانستیانەی ترسناك و مرۆ چەواشەکەر باس لە مەڕ ئینفلوەنزەی باڵندە دەکرێت . لە گەڵ ئەو زانیارییە سنوردارەی کە کاربەدەستانی تەندروستی مرۆیی و ئاژەڵی کوردستان لەم بوارەدا لەمەڕ ڤایرۆسەکە و نەخۆشییەکە هەیانە یان بەدەستیان هێناوە بەڵام تا رادەیەك هەوڵێکی باشیان داوە و درێخیان لە هۆشیارکردنەوە و خۆئامادەکردنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە نەکردووە.

ئەوەی راستی بێت ئەنفلوەنزەی باڵندە نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە و تایبەتە تەنیا بە باڵندە . تا ئەمرۆ ئەو کەسانەی بە ڤایرۆسەکە مردوون تەنیا ئەو کەسانە بوون کە لە کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەردا لە باڵندەوە تووشبوون و مردوون .

بەپێی پسپۆرانی ڤایرۆسزانی کاتێك مەترسی ڤایرۆسە زێدەکات کە مرۆڤێکی باڵندەبەخێوکەر تووشی ئەو ڤایرۆسی (H5N1) ببێت و ناوبراو لە لەشی مرۆڤەکەدا دوو کارئەنجام بدات:

1- ڤایرۆسەکە گۆڕانکاری بەسەر شێوەی خۆی دا بهێنێت .

2- ڤایرۆسەکە خۆی لە گەڵ لەشی مرۆڤدا بگونجێنێت ، ئەوسا مرۆڤێکی دی تووش بکات .

تا لە نێو لەشی مرۆڤدا ئەو 2 گۆڕانکارییەی سەرەوە روونەدات ئەوا مەترسی بۆ سەر لەشی مرۆ نییە .

ئەمانە لە لایەك لە لایەکی ترەوە وا بڵابۆتەوە کە گوایە کوتان دژی ئۆنفلوەنزای باڵندە هەیە و لە شێوەی دەرزی دایە و زۆر کەس بۆی دەگەڕێت و دەیەوێت بە هەر نرخێك بێت پەیدای بکات و لە خۆی بدات .

ئەمانە دوورن لە راستی نە کوتان هەیە مرۆ خۆی پێ بکوتێت تا تووشی نەخۆشییەکە نەبێت نە دەرمانی Tamiflu کە لە شێوەی حەب دایە رۆڵی خۆپاراستنی هەیە .

ماوەیەکە پسپۆرانی سوێدی زۆر بە وردی و لەسەرخۆ سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لە مەڕ کاریگەری دەرمانی نێوبراو بۆ سەر مرۆ، 5 رۆژان لەمەوبەر گەیشتنەتە ئەو ئەنجامەی کە لەبەر کەمی توێژینەوە یان بەکارنەهێنانی Tamiflu بە مەبەستی خۆپاراستن لەسەر مرۆی نەخۆش کاریگەری دەرمانی نێوبراو نادیارە . هەرچەندە دەرمانەکە لە تاقیگادا لەسەر جۆرێك مشك تاقیکراوەتەوە کاریگەری باشی هەبووە بەڵام ئەمە ئەوە ناهێنێت کە 100٪ دڵنیا بین هەمان کاریگەری لە سەر مرۆش هەیە .

هەروەها تا ئەمرۆ نازانرێت کاریگەری دەرمانەکە لە سەر ئەو کەسانەش چەندەو چۆنە کە تووشی ڤایرۆسی (H5N1) دەبن لەبەرئەوە پسپۆرانی ئەم وڵاتە وای بە باش دەزانن کە Tamiflu دژی نەخۆشی ناوبراویش بەکارنەیەت .

لەلایەکی ترەوە گرووپێك پسپۆری دی سوێدی خەریکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەن لە مەڕ تێکەڵکردنی دەرمانیTamiflu لە گەڵ دەرمانی Probenicid . لەبەرئەوەی کاتێك دەرمانی نێوبراو لە گەڵ پەنسلیندا تێکەڵ دەکرێت دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی رێژەی کردنەدەرەوەی پەنسلینی تێکشکێنراو لە گورچیلەکاندا . گەر بێت و لە کاتی تێکەڵکردنی ئەو دوو دەرمانەدا Probenicid هەمان کاریگەری هەبێت ئەوا کاریگەری Tamiflu دوو جاران زێدەتر دەبێت .

* سوود لە ماڵپەڕی © www.janusinfo.se وەرگیراوە .